### هەندێک بیرەوەریی خۆم

## ئەم کەسایەتییانەی بۆکانم چۆن دیون؟

**(بەشی ٨)**

**__١٩. حوسەین فاتیحی__**

خۆی و کاک حەمە ساڵحی برای لە خیابانی کۆنەی بۆکان دووکانیان هەبوو، ماوەیەکیش هاوردە و هەناردەی شتومەکی لە باشووری کوردستانەوە دەکرد. بارودۆخی ئابووریی بنەماڵەکەیان باش بوو. من کە دیبێتم وەک دووکاندارێکی ڕووخۆش و دەم بە پێکەنینی ئاساییم دیتووە. بەڵام ئەو بە ڕواڵەت دووکاندارە ئاساییە، لە ژیانی خۆیدا ئوستوورەیەکی خەبات و بەرخۆدانی نەتەوایەتی بوو، کە لە منی منداڵ و مێرمنداڵی ئەودەم ئاشکرا نەبوو.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕە ٤١ ی چێشتی مجێور دا باسی شەریکایەتی خۆی و حوسێنی فاتیحی و کڕینی تووتن و قازانجی ٤ هەزار و ٥ سەد تمەنیی هەردوکیان لە بۆکان دەکات. ئەوە هی سەردەمی کۆماری کوردستانە.

لە بیرەوەرییەکانی نەمر میرزا حەمەڕەئووفی خەیات (ڕەئووفی مەلا حەسەن) دا، کە چاوەڕوانی چاپ و بڵاو بوونەوەیە، چەند جار باسی کاک حوسەینی فاتیحی کراوە. بە گوێرەی هەواڵی مامۆستا حەمە ڕەئووف، لە بڕگەی ساڵی ١٣٣٢ و ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان دژ بە ئاغاکاندا، کاک حوسەین بەرپرسی ڕێکخراوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بۆکان بووە، واتە یەک لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە بووە. بەڵام مامۆستا باس لەوە ناکات بۆچی ئەو ئەرکە دواتر بەو واتە بە مامۆستا حەمە ڕەئووف سپێرراوە، ئایا کاک حوسەین خۆی دەستی لە کار کێشاوەتەوە یان لە ڕێگەی هەڵبژاردن و شتێکی ئەوتۆوە لە سەر ئەرکەکەی لابراوە. ئەوەش هی ساڵی ١٣٣٢.

ماوەیەک لەمەو پێش ڕێزدار تایر عەلیار بەشێک لە بیرەوەرییەکانی خۆی لە بڕگەی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ی گەلانی ئێران لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات ـ بۆکان دا بڵاو کردەوە. لە ووتارەکەدا سەبارەت بە نەمر میرزا حوسەین نووسراوە:

*" .... خەڵکی بۆکان و ئەندامی قەدیمی حزبی دیموکرات بوو... ساڵها تێکۆشانی سیاسی....پوختە وخارای کردبوو... تەنیا بۆ کۆبوونەوەی کومیتەی حزب یا بۆ کاری گرنگ دەهاتە دەفتەری حزب و*

*هەوڵی خۆ نیشاندان و هاتنە پێشی نەدەدا ...قەت پشتی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد نەکردبوو و هەر لە سەر بیرو باوەڕی خۆی بوو..."* [1] ئەوەش هی ساڵی ١٣٥٧.

کاتێ ئەو سێ بیرەوەرییانە دەخەینە سەریەک، ڕوخساری مرۆڤێکی خەباتکار و خاوەن هەڵوێستمان بۆ دەردەکەوێت کە لە سەردەمی کۆمار (١٣٢٤ و پێشتر) موە تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ و شۆڕشی ١٣٥٧ ودوای ئەو- واتە نزیک بە چل ساڵ، لە کۆڕی خەباتدا بووە. ئەوە کارێک نییە هەمووکەس بتوانێ بیکات بە تایبەت کە ئەوەندەی لە بیرم بێت و بزانم، ساڵانێکی زۆریش لە سەردەمی پەهلەویدا کەوتە زیندانەوە.

من لەگەڵ کاک محەممەدی کوڕیدا هاوپۆلی قوتابخانە بووم و بە منداڵی هاتوچۆی ماڵیشیانم کردووە. لە ساڵی شۆڕشی ١٣٥٧ دا لە بۆکان چەند جارێکم بینی و هەموو جارێک لەگەڵمدا میهرەبان و قسە خۆش بوو، لە کاتێکدا ئەو سەردەمە سەردەمی حزب حزبێن و بەربەرەکانی و ڕکەبەرایەتی ئەم لایەن لەگەڵ لایەنەکەی تر بوو. وا بزانم لەو سەردەمەدا ئەندامی شۆڕای شۆڕشی شاری بۆکانیش بوو، کە منیش ئەندامێکی دیکەی بووم.

لەم ساڵانەی دوورەووڵاتیدا هەواڵی کۆچی دوایی کاک حوسەینم بیستەوە. یادی بەخێر بێت!

## ٢٠. **حوسەین مەجیدی**

من زانیارییەکی زۆرم لەسەر ئەو کەسایەتییە مەزنەی شاری بۆکان نییە، بەڵام لەڕێگەی بیرەوەرییەکانی نەمر "میرزا حەمە ڕەئووفی خەیات" (ڕەئووف مەلا حەسەن) موە دەزانم لە بڕگەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ ی خەڵکی بۆکان دژ بە ئاغاکان، گەلێک هەڵسووڕاو بووە، هەڵسووڕاوێکی سیاسی. مامۆستا ڕەئووف بە ڕاشکاوی دەڵێ میرزا حوسەین ئەندامی چالاکی حزبی دیموکراتی کوردستان و هاوڕێ و دۆستی نزیکی ئەو بووە.

ئەوەی من لەو کەسایەتییەم لەبیر بێت ئەوەیە خۆی و برایەکی لە "گوزەری خەیاتەکان" ی بۆکان دووکانێکی بەرگدروویان هەبوو، هێدی و لەسەر خۆ و دەم بە پێکەنین و لەگەڵ خەڵک گەلێک میهرەبان بوو، لە ساڵانی دوایی تەمەنیدا وەک زوربەی بەرگدرووەکانی بۆکان و زیاتر لە زۆرێکیان، دەست تەنگ بوو.

وابزانم سەر هەڵدانی جل و بەرگی عەجەمی واتە کۆت و شەڵوار دەورێکی گەلێک نەرێ یی دانابووە سەر بارودۆخی کار وکاسبی بەرگدرووەکانی بۆکان و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کاریان بەرەو کەسادی دەچوو. بۆ نموونە باوکم میرزا عەبدوڵڵا، کە خەیاتێکی باشیش بوو و زوربەی مشتەرییەکانی ئاغاوەت بوون، لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا کاری بەرگدرویی وەلا نا و بۆ ماوەیەکی کەم پێش نەخۆشی و کۆچی دوایی کردنی، برنج و ڕۆن و سووکە بابەتی بەققاڵی دەفرۆشت.

میرزا حوسەین کە مرۆڤێکی میهرەبان و خێرخوا بوو، چەند ساڵێک پێش کۆچی دواییەکەی، وەک یارمەتی خەڵک و واهەیە خێری ئایینیش، بە بێ چاوەڕوانیی پووڵ و پارە، ئەرکی شۆردنی مردووی خەڵکی شاری بۆکانی بەڕێوە دەبرد. جا کەسێک یارمەتی ئەویشی دەدا و پارەیەکی بەسەردا دەبڕی یان

---

[1] تاهیر عەلیار، "ئەو ڕۆژانەی پڕڕەنگ تر بوون – بەشی ١، پەراوێزی ٢"، ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان، بەشی ئەدیبان، نووسەران و وەرگێڕانی بۆکانی

نا، نازانم بەڵام ئەو کارە، ئەوپەڕی لەخۆبووردوویی و فیداکاریی بوو و هەر لە مرۆڤێکی بەرپرسی وەک ئەو دەوەشایەوە.

میرزا حوسەین لەگەڵ زۆر خەڵکی بۆکان دۆستایەتی هەبوو؛ هاتوچۆی دووکانی باوکم و کاکمیشی دەکرد و من لە هەرکوێیەک تووشی بوایەم ڕێزم لێ دەگرت.

یادی بەخێر بێت!